**وەزارەتی نــاوخــۆ**

**ژمارە: ( ١١٤٧٨ ) لە : ٢٠١٨/٨/٦**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٠) لە ٢٠١٨/١٢/٢٨ بڕیارماندا بە هەمواركردنەوەی ئەم بڕگانەی كە لە خوارەوە دیاری كراون لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨:**

**بەیان ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠١٨**

**هەمواركردنی ڕێنمایی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەكانی حكومی و بە ئەلیكترونی كردنی خەرجكردنی سووتەمەنی ژمارەی ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٨**

**یەكەم:**

**چاككردنەوەی هەڵەی چاپی لە دیباجەی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ وە خوێندنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٠) لە ٢٠١٧/١٢/٢٨ و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی كە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران هەیەتی بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە دابەشكردنی دەسەڵاتەكانی سەرۆكایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەكانی هەرێم و لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (٣٥) لە یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی موڵك وماڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە لایەن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دراوە بە وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری بڕیاردرا بەدەركردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە.**

**دووەم:**

**هەمواركردنی بڕگەی (٤) لە ماددەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**٤- ئەو فەرمانبەرانەی بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە پێویستە لە ڕاژەی كردەیی دابن ، ئەگەر فەرمانبەری معوم بێت و ئۆتۆمبێلی حكومی لە ئەستۆدا بێت لێی وەردەگیرێتەوە و لە لایەن لیژنەی باڵاوە دەكرێنە خزمەتگوزاری یان بەزیادكردنی ئاشكرا دەفرۆشرێن بەپێی بڕگە (١)ی ئەم ماددەیە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت.**

**سێیەم:**

**هەمواركردنی بڕگەی (١) لە ماددەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١- سەرجەم ئۆتۆمبیلە حكومییە لە كاركەوتووەكان لە گشت فەرمانگەكان دەنێردرێن بۆ بنكەی كۆكردنەوە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ فرۆشتنیان لە ڕێگای زیادكردنی ئاشكرا بەپێی یاسای فرۆشتن و بەكرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ و لە لایەن لیژنەی باڵا ڕێكارەكانیان بۆ ئەنجام دەدرێت.**

**چوارەم:**

**هەمواركردنی بڕگەی (٧) لە ماددەی پێنجەم بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**٧- ئەگەر فەرمانبەر خانەنشین كرابێت پێش ٢٠١٧/١٢/٢٨ و ئۆتۆمبێلی لە ئەستۆدا مابێت ، ئەوا سەر پشك دەكرێت بە كڕینی ئەو ئۆتۆمبێلە بە مەرجێك پارەكەی كاش بدات بە حكومەت یان بە گەڕاندنەوەی بۆ فەرمانگەی پێشووی.**

**پێنجەم:**

**زیادکردنی بڕگەی ژمارە (٥-٦-٧) لە ماددەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**٥- بەدەر لە بڕگەی (٣)ی ئەم ماددەیە سەرجەم ئۆتۆمبێلەکانی جوری صالۆن (قمارە) دەفروشرێنەوە بەو کەسەی کە لە ئەستۆیدایە یان بە زیادکردنی ئاشکرا دەفروشرێتەوە.**

**٦- حکومەت هیچ ئۆتۆمبێلێکی جۆری صالۆن (قمارە) ناکرێت بۆ فەرمانگەکانی حکومەت بۆ کاری خزمەتگوزاری یان بۆ بەکارهێنانی فەرمانبەرانی حکومەت.**

**٧- ئەم ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ فەرمانگەکانی حکومەت لە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دەکڕدرێت دەبێت بەکاربێت بۆ کاری خزمەتگوزاری و لەو جۆرانەی کە لە ماددەی چوارەم لە بڕگەکانی (١-٢-٣-٤-٥) دەست نیشان کراون جگە لەو ئۆتۆمبێلانەی کە حکومەتی هەرێم بۆ پلە تایبەتەکانی تەرخان دەکات.**

**شەشەم:**

**زیادکردنی بڕگەی (٧) لە ماددەی دوانزەیەم بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**٧- لیژنەیەکی هونەری لە بەشی ئامێرسازی بەرێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی (هەولێر، سلیمانی، دهوك، هەڵەبجە، ئیدارەی ڕاپەرین و ئیدارەی گەرمیان) پێك دەهێنرێت کە ئەندازیارێکی میکانیك لە پارێزگا و ئیدارەکان سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە دەکات بەمەبەستی پێداچوونەوەی هونەری بەو خەملاندنانەی کە لە لایەن لیژنە لاوەکییەکان ئەنجام دراوە پاڵپشت بە باری هونەری ئۆتۆمبێل وە پێویستە ئەو لیژنە هونەرییە گشت ئەم خەملاندنانە لە ڕووی هونەرییەوە پەسەندی بکات پێش ڕەوانەکردنی خەملاندنەکان بۆ لیژنەی باڵا.**

**حەوتەم:**

**ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی کاری پیێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**رێباز محمد حملان**
**وەزیری دارایی و ئابوری**

**کـریم سنـجاری**
**وەزیری نـاوخۆ**